# ماڵئاوایی له مانگی ڕه‌مه‌زان

[ به كوردی ]

# توديع شـهر رمضان

[ باللغة الكوردية ]

نوسـینی : عه‌بدوللە سـابیر گه‌رمیانی

الكاتب : عبد الله صابر كرمياني

پێداچونه‌وه‌ی : پشـتیوان سـابیر عزیز

المراجعة : بشـتيوان صابر عزيز

نوسـینگه‌ی ( ره‌بوه‌ی ) هه‌ره‌وه‌زیی بۆ بانگه‌واز و وشـیارکردنه‌وه‌ی ڕه‌وه‌نده‌کان له شـاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة بمدينة الرياض

**2008 -1429**

islamhouse.com

# ماڵئاوایی لە مانگی ڕەمەزان

الحمد لله، نحمده ونستعينه ونستغفره، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ومن سيئات أعمالنا، من يهده الله فلا مضل له، ومن يضلل فلا هادي له، وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له، وأشهد أن محمداً عبده ورسوله صلى الله وسلم وبارك عليه وعلى آله وأصحابه ومن اهتدى بهداهم إلى يوم الدين.

موسڵمانانی خۆشەویست: تا دوێنی چاوەڕوانی هاتنی مانگی ڕەمەزان بووین و، وەئەمرۆ ئێمەماڵئاوایی دەکەین لەو مانگەپیرۆزەو، خوا دەزانێت بۆ جارێکی تر بەخزمەت مانگی ڕەمەزان دەگەێیننەوەیان نا؟!

جێی خۆیەتی فرمێسك پرژێنین بەبۆنەی ڕۆشتنی ئەو مانگەپر لەخێر و بەرەکەتە، ئەو مانگەی کەوا دەرگاکانی بەهەشت کراوەبووەتێیدا و، دەرگاکانی دۆزەخیش داخراو بووەلەو مانگە...

بەرێزان: دەبێت زۆر دوعا بکەیین بۆ ئەوەی خوای گەورەپەرستشی مانگی ڕەمەزانمان لێ قبوڵ بکات، وەباشترین نیشانەی قەبوڵی ئەو کردەوانە بریتیە لەبەردەوام بوون لەسەر کردەوەی چاکە لەپاش مانگی ڕەمەزان...

ئەی ئەو کەسانەی تەوبەیان کردوە: جارێکی تر نەگەڕێنەوە بۆ ئەنجامدانی تاوان و گوناە، وەئەگەر ئارام بگرن لەتامی تاوان ئەوەخوای گەورەتام و خۆش باوەڕتان پێ ئەبەخشێت، خوا گەورەدەفەرموێت:( إِن يَعْلَمِ اللّهُ فِي قُلُوبِكُمْ خَيْراً يُؤْتِكُمْ خَيْراً مِّمَّا أُخِذَ مِنكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ وَاللّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ) [الأنفال:70].

ئەی ئەو کەسانەی خەریکی پەرستش بوون: بەردەوام بن لەسەر پەرستش و بەندایەتی کردنی خۆتان، چونکەئەوەی ئەنجامتان داوەلەمانگی ڕەمەزان، نابچرێیت بەتەواو بوونی مانگی ڕەمەزان، پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێت : {

أحب الأعمال إلى الله أدومها وإن قل } [رواه البخاري؛43 ومسلم:782]

ئەو کەسانەشەرم ناکەن لەخوای گەورەئەگەر مانگی ڕەمەزان تەواو بوو ئیتر هاتشۆی مزگەوت ناکەن و دوور دەکەونەوەلەخوێندنی قورئانی پیرۆز و، دەگەڕێنەوەبۆ ئەنجامدانی گوناە و تاوان.

ئەی ئەو کەسانەی خەریکی ئەنجامدانی تاوان و سەرپێچی کردنی فەرمانەکانی خودا بوون لەمانگی ڕەمەزاندا، بزانەکەوا کارێکی زۆر خراپت کردوەو فرسەتێکی زۆر باشت لەسەت چووەو، بەڵام بپ ئومێد بمەبەو بەزوترین کات بگەریوەبۆ لای خودا و تەوبەی ڕاستەقینەبکەو، ئەو ئایتەت بەبیر دەهێنمەوە : **(** قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِن رَّحْمَةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ **)** [الزمر:35].

ئازیزان: با هەمووومان پێکەوەبەداوای لێخۆشبوون ماڵئاوایی بکەین لەمانگی ڕەمەزان و، بڵێین:**(** رَبَّنَا ظَلَمْنَا أَنفُسَنَا وَإِن لَّمْ تَغْفِرْ لَنَا وَتَرْحَمْنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ **)** [الأعراف:23] .

خۆشەویستان: با مالئاوایی لەمانگی ڕەمەزان بەدەرکردنی سەرفیترەبکەین، کەواجبەلەسەر موسڵمانان... بۆ ئەوەی ببێتەمایەی پاکردنەوەمان لەهەممو کەم و کورتیەك و، یارمەتی دانی هەژاران.

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين